## ئاراستە پێچەوانەکان. . . مەریوان نەقشبەندی

دبلۆماسیەتی کورد لەسەر ئاستی دەرەوە بەرەو لوتکە دەڕوات بەڵام گەندەڵی و بێبەرنامەیی لەئیدارەکانی کوردستاندا بۆتە بەربەستێك لەبەردەم ئەم سەرکەوتنەدا،
سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی نەتەوەیی کورد و جلوبەرگ و ناوی پێشمەرگەی گەیاندە کۆشکی سپی، بەڵام هێشتا فەحسی چاوی نەخۆشخانەکانی هەولێر بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری لەلای بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ناخوات!!!.
لەبەریتانیا تۆنی بلێر باس لە گەشەکردنی ئابووری و ئازادی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام هێشتا نووسەر و رۆژنامەنووس و ئەکادیمی و روناکبیران لەسەر دەربڕینی بیروبۆچوون و سزادەدرێن و نانبڕاو دەکرێن و هەندی جاریش دەگیرێن و راپێچی زیندان دەکرێن و هیچ حەسانەیەکیان نییە. ئەمریکا و ولاتانی ڕۆژئاوا لەنەخشەی تازەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دەیانەوێت ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکەنە نمونە بەڵام خەریکە دەنگدەری کورد متمانەی بە توانای بەڕێوەبردن و عەدالەتی کۆمەلایەتی و ئابووری، پارتی و یەکێتی لە نامێنێت و لەبەر نەبوونی بەدیلی ئەم دووحزبەش خەریکە خەڵکی کوردستان (مانگرتن لەدەنگدان دەستپێدەکەن) .
پاریس و رۆما و بەرلین خوازیارن وەکو واشنتۆن و لەندەن میوانداری سەرۆکی کوردستان بکەن و داوای لێبوردن لە بێدەوڵەتی کورد بکەن، بەڵام تازەبەتازە لق و مەڵبەندەکانی پارتی و یەکێتی حزبایەتی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت قووڵ دەکەنەوە و سستمی راپۆرت نووسین و کوتلە و کوتلەکاری زیندو دەکەنەوە.
سەرتاسەری جیهان لەئاست لێبووردەیی و ئەمانەت و خۆراگریی و خواستی فێربوونی زانست و دۆستایەتی و ئاشتی و ئازادی خەڵکی کوردستان سەرسام بوون، بەڵام کۆشك و تەلاری بەرپرسانی حزبی و حکومی کوردستان (کە زۆربەیان بە شێوەیەکی نایاسایی و ناشەرعی دروستیان کردووە) خەریکە تەنگ بە تەحەموول و خۆراگری خەڵکی نەداری کوردستان (کەزۆرینەن) ، هەڵدەچنێت و کێشەی کارەبا و سووتەمەنی و گرانی و مەحسوبیەت و واستە و. . . هتد خەریکە ئاراستە ئیجابیەکەی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی کوردستان لەدەرەوە پێچەوانە دەکاتەوە و ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوام بێت ئەوا باشتر وایە سەرۆك بارزانی بەخێرایی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لەجیاتی دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ جالیەی کورد لەدەرەوە، لەگەڵ (جالیەی کورد لەکوردستان) دا کێشەکان چارەسەر بکات.

Mariwan_na@yahoo. com